## یەکگرتنەوەی ئیدارەی کوردی لە نێوان ڕابوردوو ئاییندەدا ... هوشیار عوسمان

دوای ڕاپەڕین لە باشووری کوردستان، گەلی کورد ئەو هەلەی دەست کەوت کە خۆی حوکمی خۆی بکات. ئەوە بوو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئیداری، لە لایەن هێزەسیاسی یەکانەوە ئیدارەیەک دامەزراو دواتریش هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردی لە کوردستان بەڕێوە چوو. هەموو کورد لە تەواوی کوردستان شادو وورە بەرز بە ئاییندە، دەیانڕوانییە ئەو ئەزموونەی کە دەیان ساڵە خەبات و قوربانی بۆ دەکرێت.. بەڵام چەندین فاکتەری جیاواز هەر لە ڕۆژانی سەرەتاوە بووە هۆی ئەوەی وەک پێویست دەسەڵاتی کوردی نەتوانێ ئەرکی کوردانەی خۆی بە باشی بەڕێوە ببات، کە ئەم باسە خوێندنەوەی تایبەت دەخوازێت. ! ئەوەی لای من مەبەستە ئەوەیە بڵێم 15 ساڵ یەک ئیدارەیی و دوو ئیدارەیی و لە نێوانیدا کارەساتی شەڕی ناوخۆ و ماڵ وێرانی و فەسادی ئیداری و حیزبی و، فیداکردنی بەرژەوەندی گشتی بۆ گیرفان وهەزاران نەهامەتی تر، هەموو تاکێکی کورد کەم تا زۆر لە نزیکەوە لە گەڵیدا ژیاو ژان و دەردی چەشت، کەسانێکی هەل پەرست ومەسڵەحەت چی تا توانیان لەم ساڵانەی حوکمی کوردیدا، خۆیان لێکردینە گورگی دوو پێ و ئەوەی توانیان بە زیادە وە ئەنجامیان داو لە زۆر کاتدا ڕووی بەعس و دوژمنانیان سپی کردەوە. !! ئاخر لە وولاتێکدا کە تا سەر ئێسقان ستەم و کیمیا باران و ئەنفال و جینۆسایدی بە خۆیەوە بینیوە، شتێکی ئاسایی یە لە هەل و مەرجێکی تایبەتیدا، بە ناوو دروشمی هەمە ڕەنگ خەڵکانێکی دڕندە ودوور لە هەموو ڕەوشتێکی مرۆڤایەتی، لە ناو میللەتدا هەڵتۆقێن و یاری بە چارەنوسی کۆمەڵ بکەن، ! ئەمانە هەرچەندە لە ماوەی کورتدا دەتوانن زام و برینی گەورە لە جەستەی میللەت بدەن، بەڵام لە ئاییندەدا ڕووی ڕەشیان بۆ هەموان ئاشکرا دەبێت و لاشەی نەگریسیان لە گۆڕستانی نەفرەت لێکراوی نیشتماندا بۆ هەتا هەتایی لە چاڵ دەنرێن. ئەمڕۆ کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، دەیەوێت کەم کاری وگەندەڵ کاری و بێ کاری و نەبوونی هەموو ئەو کارە دزێوانەی کە لە ڕابووردودا ڕووی داوە کەم بکاتەوە و، لە یەکگرتنەوەی ئیدارەی کوردیدا باری شانی خەڵکی سووک بکات، با بە چاوێکی کوردانەوە سەیری ساڵانی پێشوو بکات و خاڵە لاوازەکانی ئیداری دەست نیشان بکات، چاویلکەی یەک ڕەنگی حیزبی بۆ دانانی وەزیرەکان و بەرێوەبەرە گشتی یەکان بە کار نەهێنرێت. ! گەلی کوردستان بە هیوایەکی گەشەوە دەڕوانێتە ئاییندەی یەکگرتنەوەی ئیدارەکان، ئەگەر خوا نەکردە دەسەڵاتی کوردی ئەم جارەیش کوردانە ڕەفتار نەکات و کۆتایی نەهێنێت بە دەستی خەڵکانی ماستاو چی وفایل چی و... ئەوا جامی میللەت پڕ بووەو ڕقی پیرۆزیان دەڕێژن بە سەر هەموو ئەوانەی یاری بە مووقەدەراتی میللەتەوە دەکەن..

hushyarosman@yahoo.de